


**لەکابینەی چوارەمدا پرۆژەی تەلاری وەزارەتی داد**
**بە ( 15 ) ملیۆن دینار جێبەجێ کراوەو زمانی دادگاش بووە بە کوردی**

سەروەری یاساو سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری رۆڵێکی گرنگی لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیرو ئاسوودەدا هەیە ، چونکە بەشێکی گرنگی سەروەری یاسا خۆی لەسەر بەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریدا دەدۆزێتەوە . دادوەری مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و دەتوانین بڵێین بەهێزی و تۆکمەیی هەر نیزامێکی سیاسی راستەوخۆی لەبەهێزی و تۆکەیی دەسەڵاتی دادوەریدا دەنوێنێت ، لەبەر ئەوە یەکێك لە پرەنسیپەکانی سیستەمی دیموکراتی ئەوەیەکە دەسەڵاتی دادوەری رێکوپێك بێت . هەر لە سەرەتای دەست بەکار بوونی چوارەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ؛ یەکێك لە دروشمەکانی ، سەروەریی یاساو چەسپاندنی یاسا بووە ، لەو رووەشەوە سەرۆکایەتیی حکومەت پشتگیری تەواوی مادیو واتایی ئەم بوارە بوون ، ئەو زانیارییانەی لەم راپۆرتەدا هاتوون چوختەی بابەتێکی هادی عەلی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، کەبەناونیشانی " رەوتی دادوەری لە کابینەی چوارەمدا " لە بنکەی رۆشنبیری کاوە پێشکەشی کرد .

**پێکهاتەی وەزارەتی داد**

وەزارەتی داد یەکێکە لە وەزارەتی پڕ چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشی یەکەمی دیوانی وەزارەتە ، کە لە نووسینگەی وەزیرو بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی پێك دێت و ئەم بەشەی دواییش لە پێنج بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خزمەتگوزاری و ژمێریاری و پەیوەندییە دادی و یاساییەکان و کەسایەتی و پلان دانان و بەدوادا چوون پێك هاتووە .

**کارنامەی وەزارەت**

بێگومان وەزارەتی داد و رۆڵێکی گرنگ لە سەقامگیربوونی یاساو چەسپاندنی یاسادا دەبینێت . کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونیەوە تا ئێستا بەدروشم سەروەری یاسا و چەسپاندنی یاسامان بەرزکردۆتەوەو بەکردار پەیڕەومان کردووە ، لەم رووەشەوە سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم پشتگیرییەکی تەواوی واتایی وماددی کردووین و دەکات .

### ژمارەی حاکمەکان و دەزگاکانی سەربەوەزارەت

-  ( 48 ) حاکممان لە هەولێر و دهۆکا هەیە .
-  ( 19 ) ئەندامی داواکاری گشتیمان لە هەولێرو دهۆکدا هەیە .
-  سەرۆکایەتی گشتی ( المدعی العام ) لە دیوانی وەزارەتە .
-  سەرۆکایەتی دیوانی داڕشتنەوەو یاسایی .
-  بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای عەقاری هەولێرو دهۆك .
-  فەرمانگەی دادنووسی ( الکاتب العدل ) .
-  بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان .

### دەزگا دادییەکان

گرنگترین بەش لە دەزگا دادییەکاندا دادگاکانە ، کە لەسەرووی هەموویان دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستانە و لەناو ئەمەشدا جگە لە لیژنەو دەستەکانی خۆی ، کە هەموو کێشە جیاجیاکان دەبینێت لە دوو بەش پێك دێت :

1- ئەنجومەنی دادوەری ، کە راستەوخۆ سەرۆکی تەمیز سەرۆکایەتی دەکات .
2- لیژنەی کاروباری دادوەرن ، کەئیشی دادوەری کردنی دادوەرانە .

### داهاتی وەزارەت

-  لەساڵی 1999 سەرجەم داهاتی وەزارەت 18931675 ملیۆن دیناربووە ، بەڵام لە ساڵی 2000 دا بۆتە 27809531 ملیۆن و لە ساڵی 2001 دا 32401208 دینار بووە .

### گۆڕانکارییەکان

پێش راپەرین دادگاکان لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی ناوەندی سەر بە وەزارەتی دادی عێراقی بوون ، دوای دامەزراندنی ئەزموونی کوردستان گۆڕانکاری جەوهەری بەسەر ئەم بوارەدا هێنراوە ، لەوانە :

-  دامەزراندنی وەزارەتی داد و دەزگا دادییەکانی .
-  دامەزراندنی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان .
-  دابەشکردنی هەرێم بۆ دوو ناوچەی ئیستئنافی .
-  دەرکردنی یاسای دەسەڵاتی دادوەری .

### کارو چالاکییەکان

وەزارەتی داد لەماوەی ئەم دووساڵەی دواییدا کارو چالاکییەکی زۆری لەم بوارەدا ئەنجام داوە لەوانە :

- دابین کردنی ژمارەیەکی باشی کۆمپیوتەر بۆ زۆربەی دەزگا دادییەکان و دادگاکان .
- جێبەجێ کردنی پرۆژەی تەلاری وەزارەتی داد بڕی ( 15 ) ملیۆن دینارو تا ئێستا نزیکەی 61 ٪ ی بیناکە تەواوبووە .
- کردنەوەی دادگا لەهەردوو ناحیەی بنەسلاوەو بەردەڕەش و لە بەرنامەشدایە ئەگەر توانا هەبێ لە چۆمان و هەریر و مێرگەسوریش بکەینەوە .
- نۆژەن کردنەوەی هۆڵی گەورەی دادگا لە هەولێر .
- نۆژەن کردنەوەی دادگای سۆران .
- کردنەوەی تێبینەرانی تاپۆ لە بنەسلاوە بڕیاریش وایە تاپۆی هەولێر بکرێ بەدووبەش .
- بەرنامەیەکمان لەژێر دەست دایە بۆ خەزن کردنی هەموو دۆسییەکانی تاپۆ لەناو کۆمپیوتەردا .
- دامەزراندنی دوو دادگای زیاد .
- تەنسیق وهاوکاری باشمان لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بەتایبەتی هەردوو وەزارەتی
- ناوخۆ و مرۆڤایەتی هەیە .
- دەرکردنی 30 ژمارەی وەقائیعی کوردستانی .
- بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دەزگا جیاجیاکان و لەدەزگا دادییەکاندا بە شێوەیەکی فراوان بەپێی دانانی بەرنامەیەك لە 3 / 6 / 2000 دا .
- وەرگێڕانی 200 فۆرم بۆ سەر زمانی کوردی و دابەشکردنیان بەسەر هەموو دەزگاکاندا و ئیش پێ کردنیان .
- دانانی فەرهەنگێگ بۆ زاراوەو دەستەواژەی یاسایی بە کوردی کە 100 وشەو زاراوەی لە خۆ گرتووە
- ئەمەش بەهاوکاری کۆڕی زانیاری کوردستان ، ئەنجامدراوە .
- دابینکردنی تۆڕی ئەنتەرنێت ومالْپەڕێك سەر بە وەزارەتی داد .
- بلاوکردنەوەی 25 ژمارەی بلاڤۆکێك لەسەر هۆشیاری یاسایی و دادوەری لەناو دەزگا دادییەکان و دیوانی وەزارەتدا .

## دادگا ئیستئنافییەکان

ئەوەی پەیوەندی بەدادگاکانەوە هەیە ، دادگای ئیستئنافییە ، ئێستا کە یەکەمیان لە هەولێر و دهۆك و چەند شارو شارۆچکەیەکی دیکەدا هەیە ، لەوانە :

1- دادگاکانی بەرایی
2- دادگای تاوان
3- دادگای باری کەسی
4- دادگای نەوجەوانان
5- دادگای کار
6- دادگای لێکۆڵینەوە

7- دادگای باری شارستانی .

**ژمارەی داواکان**

- لەساڵی 1999 ژمارەی داواکان 23729 داوا بووە لە هەولێر و دهۆکدا ؛ لەو ژمارەیە 20263 داوای لێ ئەنجامدراوە ، بەڵام لەساڵی 2000 ژمارەی داواکان بەرزبۆتەوە بۆ 39573 داوا لە هەولێر و دهۆکدا ، لەهەمان کاتدا توانراوە 36370 داوای لێ جێبەجێ بکرێ و لە ساڵی 2001 ژمارەی داواکان خۆی لە 32985 داوەو 29417 داوای لێ حەسم کراوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژمارەی تاوان لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا کەمبۆتەوە . و ژمارەی تاوان لە ( 797 ) بۆتە ( 353 ) .

بەروار : 4 / 6 / 2002

**گرفت و ئاستەنگەکان**

ئەو ئاستەنگانەی کەوایانکردووە دەسەڵاتی دادوەری وەك پێویست نەتوانێ رۆڵی خۆی ببینێت :

- باش نەبوون و پێشنەکەوتنی ئاستی هۆشیاری یاسایی لای هاووڵاتیان بەهۆی باری ناهەمواری کوردستان .
- دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و دووپارچەبوونی ئیدارەی هەرێم لەرووی سیاسییەوەو لاوازی و نەپەرێزراوی لە رووی دادوەرییەوە .